# نیگار کێش

کنێر حه سه ن خانم
kner_hx@yahoo.de



ویستت قژم قاوەیی بێ
سوراوی لێوم ئاڵ
تۆ وتت.. با پرچت لوول بێ.. خاوبێ وەک خەیاڵی تابلۆکانم
کە هاتی دڵت نە خزایە نێو پرچم
پرچم هەموو تابلۆکەتی داگیر ئەکرد
قاوەیی پەنجەکانتی لە یەکتری ئەبەستەوە

وتت چەند تاڵێکی کاڵ بێ
زەردێکی کاڵ
با پایز بێتە نێو پرچت
سوراوی لێوم ئاڵ..پرچم پایز
من ئەمزانی مەرگی هەموو وەرزەکان لە پرچمەوە
ئەرژێتە ناخی ڕۆحت و.. فلچەکان و.. ڕەنگەکانت

بەم پایزەش خۆشت ئەویم!!
لەم مردنەش.. ژیانم بۆ ئەدۆزیەوە
لەم ئاگردانە تەڕەش وێنەی ئاگر م بۆ ئەکێشی و
دەستت نابێتە پەرژینی هیچ فانتازیایە کی بە پێز
بە سە ر چوونیش زۆر بە پەلە لە هەنگاوی نامۆئاساغار ئەدات
خێرا بێزار بووی لە شانۆی کۆتایی بێسەرەتاکان
نیگانت لێوەرگرتم بەرەو باخچە یە کی وشك

هاتی و، وتت با پرچت ڕەش بێ
سووراوی لێوت سوور.. سوورێکی تۆخ

من هەموو کاتەکانم دا بەتۆو
بۆیەکان و.. سووراوەکان
من هەموو چاوەڕوانیەکانم کردنە بەهێ
بە دارێکدا هەڵمواسین بۆزستان
من هەموو دەنکە هەنارەکانی تابلۆکانتم ڕنین
بۆ شەربەتێک،
تالەو ساتەی پەنجەکانت تابلۆی پرچم ڕەنگ ئەکەن

بەلێوەکانت بیانخۆمەوە

دیسان دواکەوتی و من تۆرام
هاتی و.. ڕۆیشتی وخەونەکانت ڕازاندنەوە وجوانیت باراند
لەوانەیە ئەمجارە لە زستان تابلۆ بکێشی
یان بەهار.. لە هیچ وە رزێك ..یان لە ئیوارە یە کی هێندە نامۆ
کە ئیتر لەزمانی یەک حاڵی نەبین
لەوانەیە ئەمجارە بێ فلچەو تابلۆ لە ناکاو بێی
تووڕەییت ماچێکی پێبێ و.. فرمێسکێک ماڵئاوایی
من نەمئەویست
لەسەرەتادا پێت بڵێم
لەگەل تۆو بێ تۆ ژیان ئەستەمە....!!

May .0 7